کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 3:25 24-9-2007

**سەرۆکی شاندی ئەنفلەوەنزای باڵندە ئینگلیزی و عەرەبی نازانی... !! د. موخلێ حمد**

سڵاوتان لیبی وەزارەتی تەندروستی و ڕاگەیاندنی تەندروستی، سڵاوت لیبی د. کاوە. ئەوە بۆیە نەخۆشی بڵاودەبێتەوە لە کوردستان!! کارەکانی وەزارەت ئاوا بەڕێوەدەچی:

لە نوێترین هەواڵدا کە بەدەستمان گەیشتووە دەڵێ: وەزارەتی تەندروستی لەسەر داوای ڕێکخراوی یونسێف شاندێکی (8) کەسی دەنێری بۆ ئوردن تا بە هاوکاری ڕێکخراوی یونسێف بەرنامەی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەنفلەوەنزای باڵندە دابنێن. لەم شاندە گەوریە تەنها یەك پزیشکی تیایە ئەویتر هەمووی کارمەندی تەندروستین. ئەمانە دەمانپارێزن لە ئەنفلەوەنزا، دەبی هەموومان چاوەڕوانی بلاوبوونەوەی ئەم نەخۆشیەبین ئەم جارە وەك کۆلێرا. ئەوەی کە عاجباتیە ئەوەیە سەرۆکی ئەم شاندە بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنە کە تەنها یەك ووشە ئینگلیزی نازانی و کە بە عەرەبیش قسە دەکات وا دەزانی عەرەبی بۆتە هیندی و هیچی لێتێناگەی، وەرکشۆپەکەش بە زمانی ئینگلیزی و عەرەبیە، خەڵکینە ئەمە پرۆگرامی ڕووبەڕووبونەوەی ئەنفلەوەنزا دادەنی قوربەسەرخۆمان. !!

برادەرێکی ناو وەزارەت کە هەواڵەکەی بۆ هێنام گووتی: کە بۆ ئەم ئیفادە ڕاستەوخۆ ناوەکان لەلایەن بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن دانراوە، نە وەزیر نە د. کاوە نە د. دیار کە گوایە تاکە دکتۆرە لە ڕاگەیاندن و دەبی ئەو سەرپەرشتی زانستی بکاو لێپرسراوبی لە ڕووی زانستیەوە ئاگادار نەبووینە، لەمەش سەیرتر قاسم عەزیز ی هاوریی بەڕێوەبەر نەیزانیوە و بەڕێوەبەر تا ناوی خۆی بزرکات ناوی ویشی داناوە ئەگەرنا ئەویشی دانەدەنا، نازانم چۆن دەبی بەڕێوەبەرێکی بیتوانا و کارمەند ئیفاد بۆ وەرکشۆپی زانستی دابنی و کڵاو لەسەر د. کاوە و د. دیار و قاسم عەزیز دابنی.

بەرێز د. کاوە من هاورییەکی جەنابتم لەوانەیە تۆ ئێستا منت لەبیر نییە، بەڵام من وەك خەڵکیتر ناکەم ڕەخنەی روخێنەر بگرم، بەڵکو بە دلێکی هاوڕێیانە داواکارم بە بەرنامەی خۆتاندا بچنەوە و ئالیەتێك دابنێن بۆ ڕاگرتنی ئەم مەهزەلەیە. بەرێزم خۆ من دەزانم تۆ حەزت لە پیاوی بیهێزە تا بە ئاسانی کۆنترۆڵی بکەی، دەزانم تۆ هەر لەکاتی خوێندکاریتەوە حەزت لە یکێکە بۆت پانبکاتەوە، بەڵام ئەزیزم حەز دەکەم ئەوە بزانی ئەم مرۆڤانە دوای ماوەیەك لە خۆیان دەردەچن و خۆیان لی دەگۆری. نازانم جەنابتان بۆ وا لەم وەزارەتە دەکەن ئەمە دووەم بەڕێوەبەرە دایدەنێن دکتۆر نەبی، کاکە دڵنبابە کەسی وا هیچ خزمەتێکی ووڵات و وەزارەت ناکا، ئەوەتا دەڵێن قاسم عەزیز بواری کارگێری و دارایی بەڕێوەدەبا و سەرنووسەری ڕۆژنامەکەیە، هەواڵەکان هەڵۆ حەسەن دەینووسی، گۆڤار و بەرنامەکانی تەلەفزیۆن د. دیارە، ئەو کاری تەنها دەرچوونە لەگەڵ وەزیر و وەڵام دانەوەی ئەو بابەتانەی کە لەسەر جەنابتان دەنووسری. کاکە گەر بیر لەم خەڵکە داماوەش ناکەیتەوە کە ستراتیجیەتی خۆپارێزی لە نەخۆشیت داوەتە دەست پیاوێك لە ئەلف و بای خۆپارێزی شارەزانیە، ئەوا بیر لە وەزارەتەکەت بکەوە کە لە مێژوو دەنووسری کە تاکە سەردەم سەردەمی ئێوە بووە کە بەڕێوەبەر دکتۆر نەبووبی. هیوام سوودمەندبوونی گەل و نیشتیمانە و خۆزگە بەرێز وەزیری تەندروستی ئەم ووتارەی دەخوێندەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.